کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 21:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ کانی هەڵەبجەیی، سورەمەرگەیی، سۆران چاوشین، ئالان کەریم، خالە حەمە و... چەندین نووسەری تر ... نامۆ

بەڕێزانم دەستخۆشی ئەو نوسین و لێکۆڵینەوە بەپێزانەتان ئەکەم و ئافەرینی تێگەیشتن و تێڕوانینە قوڵ و دووربینەکانتان لێ ئەکەم، بەڵام هەستێکی بچوکم هەیە کە هەموتان کەوتونەتە هەمان هەڵەوە و چەند ڕوداو و لێدوانێکی مێژویی و هەڵوێستی زانراوی سیاسەتمەدارانمان لەلای هەمو لایەک یان نابینن وە یان بە ئەنقەست خۆتانی لێ گێل ئەکەن.. جا ئەو خۆگێل کردنە لە ساویلکەیی و دڵسۆزی بۆ کوردەوە بێ یان مەبەستی حیزبی و شتی تری لە پشتەوە بێ، ئەمە تەنها خۆتانی بەڕێز و خوا خۆی ئەیزانێت و لەوانەشە چەند کەسێکی نزیکیش لێتانەوە بیزانێت.. خەباتی گەلی کوردی داماو لە باشوری کوردستان چەنەها دەیان ساڵە لە دەست یەکێتی و پارتییەوەیە و جەند حیزبێکی بچوکی تریش بە پاڵ پشتی ئەمان بێت یان سەربەخۆ خەباتی خۆیان کردوە ئیتر بەو شێوەیە.. جا ئەوگەنجانەی لە 60 و 70 کانا لە دایک بوون و لە نزیکترەوە ئاگاداری ڕووداوەکانن و ڕۆشنبیرن تۆزێک باشتر ئەتوانن کردار لە وشە و قسەی زلی سیاسەتمەدارەکانی کورد جیا بکەنەوە و زۆر بە ئاسانی ناکەونە داوی ئەو قسانەی کە تەنها بۆ چەواشە کردنی خەڵکی ساویلکە ئەکرێت و تەنها بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیە.. هەر ئەو خەڵکە ساویلکەیە بوو کە بە شیعارات و هات و هاواری ئەو سەرکردانە هەڵخەلەتان و کەوتنە گیانی ڕۆلەکانی یەکتر و چەنەها شەڕی براکوژیان پێ کرا.. کەسێک هەیە (بەو نوسەرە بەرێزانەشەوە) پێم بڵێ ئەو هەموو ڕۆڵە گەنجە لەسەر چی کوژران؟ ئەو شەڕی براکوژییانە لەسەر چی بوون؟ جا ئەگەر تەنها چەند ساڵێکی زۆر کەم بچینەوە دواوە و گوێ لە قسەی هەمان ئەم سەرکردانەمان بگرین بۆمان دەرئەکەوێت کە چیان پێ کردوین و قسەکانیان چۆن بە پێی ڕۆژ گۆڕراوە و هیچ ستراتیژێکیان نیە بۆ پێشڕەوی کردنی گەلێکی بێ چاری وەکو کورد.. ئەمڕۆی کوردستان نە بە خەباتی یەکێتی و پارتی هاتۆتە کایەوە و بارزانی و تاڵبانی خەویشیان بەوەوە نەبینیوە کە ببن بە سەرۆک و دەسەڵاتداری بەو شێوەیە.. هەموو ئەزانین کە ئەگەر ئەمەریکا و سیاسەتی خۆرئاوا نەبوایە کورد ئێستا وەزعی لە کاتی ساڵەکانی 80کان خراپتر ئەبوو.. باسی ئەوە ناکەین چۆن یەکێتی ئێرانی هێنایە سەر دیموکراتەکانی ئێران و 31 ی ئاب چۆن قارەمانەکانی پارتی ڕژێمی بەعس و سوپای ئەنفالچیەکانیان هێنایەوە کوردستان. باسی ئەوە ناکەین کە 16ساڵە چۆن چۆنی کوردستان بەڕیوە ئەبەن و دزی و فزی و خۆ دەولەمەندکردن و گەندەڵی و چەوساندنەوەی کەسانی تر (کە سەر بە خۆیان نەبون)، چونکە ئەمانە شتی ئەوەنە ڕوون و ئاشکران کە هەمو کەسێک ئاگەداریێتی و ئەبوایە ئەو کەسانەی خۆیان بە نووسەر و ڕۆشنبیر دائەنێن زیاتر ئاگەداری بونایە و دەست و قەڵەمەکانیان بکردایە بە چاوی ئەو تاوانبارانەدا.. ئەو نوسەرە بەرێزانەی ناوم بردوون تەنها نموونەیەکی کەمن لەو کەسانەی کە ئەبوایە وریاتر بوونایە و قەڵەمەکانیان بەکارنەهێنایە بۆ زیاتر چەواشە کردنی خەڵک و ببنە ئامرازی دەستی دەسەڵات.. ئێمە هەموومان ئەزانین کە تورکیا وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکەیە و ئەتوانێت لە ماوەی 1کاتژمێرا هەتا کفری و کەلار و هێڵی شاخی حەمرین بێن وکەرکوکیش بگرن و حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی کورد بڕوخێنن. کوردستان ڕاستە پێشمەرگەی ئازای هەیە (ڕاستتر وایە بڵێین هەبوو) بەڵام ئەم جۆرە شەڕانە بە قسەی زل ناکرێت و بە چەك و تەکنەلۆژیا ئەکرێت.. هەموو بیرمانە چۆن وڵاتە عەرەبییەکان بە قسە و میدیا ئیسرائیلیان پەرێشان کردبوو و هەمووش ئاگادارین کە ئیسرائیل چی بە هەموویان کرد.. لێرەدا تەنها ئەمەریکا بڕیار ئەدات لە عێراق و ناوچەکەدا. ئێستا ئەمەریکا بهێڵێت تورکیا بێتە ناو کوردستانەوە و کەرکووکیان بەنێ، زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە ئاسانی بۆیان ئەکرێت.. ئیتر ئەم شتە بە قسەی بارزانی ڕێی لێ ناگیرێت و بەڕێزی هەرچی بفەرموێت تەنها بۆ چەواشە کردنی خەڵکە و دڵنیام لەوەی کە ئەمەریکا ڕێگای بە بارزانی داوە کە ئەو قسانە بکات لەم کاتەیا و لەو لاشەوە تورکیا پێی گوتراوە کە نابێت هیچ کردەیەکی سەربازی بکەن دژی ئەو پڕۆسەیەی کە ئێستا لە عێراقا بەڕێوە ئەچێ و ئەمەریکا خۆی پلانی بۆ داناوە.. هەموو ئەزانین کە بارزانی و تالاَبانی و هەموو سیسەتمەدارەکانی ئەمڕۆی عێراق هەموو وەکوو داشی دامە لەلایەن ئەمەریکاوە ئەجوڵێنرێن و ناتوانن هەنگاوێکی سیاسی بنێنن بێ پرسی ئەوان و هیچ قسەی زیایەش ناتوانن بکەن بە تایبەتی ئەگەر ئەو قسەیە گرفت بۆ سیاسەتی ئەمەریکا دروست بکات و پلانەکانی ئەمەریکا ئاڵۆز بکات لە ناوچەکەیا.. ئیتر کوردایەتی چی و نەتەوەیی چی و قسەی زلی چی نووسەرە بەڕێزەکان!!؟؟؟ سیناریۆکە وا دانراوە کە کەرکووک بێتەوە سەر کوردستان، ئینجا ئەبێت ئەو شتە بە شێوەیەک ڕوو بدات کە پلانی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی عەرەبیشمان لێ هار نەبێت و عەسکەرتاری تورکیاش ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپیەکان ناهێڵن هیچ بکەن ئەگەر لە پلانیانا نەبێت ئەو شتە.. وە ئەگەر تورکیا ڕێی پێ درا بێت بێتە ناو کوردستانەوە بە هەرچ بیانوویەکەوە بێت ئەوا نە بارزانی باوک و نە بارزانی کور و نە تاڵەبانی و نە هیچ قارەمانێکی تری کورد ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت.. سوریا وڵاتێکی بەهێزی عەرەبە وهەموو کەس ئاگادارە کە هیچی پێ ناکرێت بەرامبەر تورکیا کە بەرزاییەکانی جۆلان و ئەسکەندەریەیان داگیر کردووە دایان ساڵە.. جا بۆیە حەزم کرد ئەو چەند راستیە بچووکە بخەمە ڕوو و بەڵکو ئەو نووسەرە بەڕێزانە بەخەبەر بێن (ئەوانەی ساویلکەن و لە دڵسۆزییەوە ئەو شتانە ئەنووسن) و ئەوانەشی بە مەبەستی تر ئەنوسن و سەما کەری زوڕنای دەسەڵاتن بەڵکو واز بێنن و زیاتر بابەتی دروست بنووسن بۆ ئەو خەڵکەی کە جاوی لە پێنووسەکانی ئەوانە.. نامۆ
namo-35@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.